

## ئامێرێک
## بۆ کاتە زۆر هەستیارییەکان

مۆبایل زۆر کێشە و گرفتی بەتایبەت لە پاراستنی ئەمنییەتی تاکەکان لە کۆڵ کردۆتەوە، بۆ نموونە کاتێك لە چیادا یان لە شوێنێکی چۆڵدا تووشی گرفتێك بوویە وەك نەخۆشی یان پێکدادانی ئۆتۆمبیل یان مەترسییەکی دیکە دەکرێت بە مۆبایلەکەت کەسە نزیکەکانت ئاگادار بکەیەوە، بەڵام جار هەیە کات ئەوەندە بەرتەسکە کە ئەگەری ئەوەت نییە زەنگ بۆ کەس لێبدەی...
یان بۆ نموونە کەوتوویەتە بەر پەلامارێکی چەکداری کە ئیزن ئەوەت پێنادرێ بە مۆبایل کەس ئاگادار بکەیەوە، لەکاتێکی وادا دەکرێت سوود لە ئامێری revolar وەربگری. کە ئەو ئامێرە زۆر بچووکە وەك پلاکێکی بچووك دەچێت بەقەد پلاکی سویچی ئۆتۆمبیل دەبێت..
کاتێك تووشی گرفت بووی تەنیا ئەوەندە بەسە کە شاشەی سەر پلاکەکە دووجار دابگری، دەستبەجێ پەیامێك بۆ ئەوکەسانە دەنێرێ کە پێشووتر بۆ کاتێکی وا تێدا دیاریت کردوون. ئەو ئامێرە نەك ئەوە بەڵکو شوێنەکەت بەهۆی گوگل ماپەوە بۆ ئەو کەسانە دەنێرێت تاکو بزانن ئێستاکە لە کوێی و بەئاسانی بتدۆزنەوە...

## سپیکەرەکەی گوگل
## رکابەرێکی جیدی بۆ ئیکۆ ئامازۆن

لە ماوەکانی رابردوودا چەند جارێك باسی سپیکەرێکی تایبەتی کە بە ئیکۆئامازۆن ناسراوە کردووە، ئیکۆ ئامازۆن دەتوانێ وەڵامی پێداویستییەکانت بداتەوە چونکە پێوەندی هەیە لەگەڵ ئینتەرنێت، بۆ نموونە لێی بپرسی کەش و هەوا چۆنە، یان پرسیارێکی دیکەی لێبکەی، یان داوای لێبکەی گۆرانییەکی فڵانە هونەرمەندەت بۆ لێبدات و زۆر شتی دیکەش..
گوگڵ لەم دواییەدا سپیکەری جۆری google home بەرهەم هێنا کە دەکرێت رکابەرێکی جیدی بێت بۆ بڵندگۆکەکەی ئامازۆن.
گوگڵ هۆم بچووکە و شێوەی لولەکی هەیە، بەڵام هێشتاکە گوگل راینەگەیاندووە چۆن چۆنی رکابەری لەگەڵ سپیکەری ئامازۆن دەکات، چونکە کارکرد و تواناکانی گوگل هۆم روون نەکراونەتەوە. تەنیا ئەوەندە نەبێت کە دەڵێت سپیکەرەکە لەگەڵ زۆربەی ئامێرەکان دەگونجێت.



# رۆتێرێک بۆ گواستنەوەی ئینتەرنێتی خێرا

لەم دواییەدا سیستەمی خێرای ئینتەرنێت وەك سیستەمی G٤ و LTE لەو وڵاتانەی گرنگی بە خێرایی ئینتەرنێت دەدەن کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە، لە هەرێمی ئێمەشدا خەریکە ئەو سیستەمە جێگیر دەبێت. ئەوکات بۆ هاوبەشی کردنی ئینتەرنێتەکە پێویستت بە رۆتەر واتە ئامێری بڵاوکردنەوەی ئینتەرنێت لە مەودایەکی کەمدا دەبێت.. کۆمپانیای ئەیسۆس رۆتەرێکی تایبەتی بۆ ئەو سیستەمانە بەرهەم هێناوە کە بە رۆتەری جۆری G-AS٥٥U٤ ناسراوە. بۆ گواستنەوەی ئینتەرنێت بەکارهێنەر تەنیا ئەوەندە پێویستە کە ئەو سیم کارتەی کە ئینتەرنێتی تێدایە بخاتە سەر رۆتەرەکە بۆ نموونە فاست لینك... بەڵام گرنگی رۆتەرەکە لەوەدایە کە ژمارەی هاوبەش کردنی بێ سنوورە وەك فاست لینك و تیشك نێت و ئامێرەکانی دیکە ناچێت.. خێرایی گواستنەوەی رۆتەرەکە ١٥٠ میگابایت لە چرکەی دایە هەروەها بە تۆڕی وایەرلەیسی دوانە دەتوانێت خێرایی ئینتەرنێت بگەیەنێتە ١١٦٧ میگابایت... جگە لەوەش رۆتەرەکە دەتوانێت تۆڕی کێبڵیش بکاتە هاوبەش..





# دەستبەندێکی هۆشمەند لە نێوان جوانی و کاراییدا

لە دونیای تەکنەلۆژیای نوێدا بازاڕی دەستبەندی زیرەك گەرمە، هەر رۆژە کۆمپانیایەك مەچەك بەندێکی نوێ بەرهەم دێنێ و بەکارایی و ستایلی جیاوازەوە، لەم رۆژانەدا کۆمپانیای سامسۆنگ یەکێك لە جوانترین و سەرنج راکێشترین دەستبەندەکانی خۆی خستە بازاڕەوە.. دەستبەندی زیرەکی charm، دەستبەندەکە زیاتر وەك پارچە مرواریيەك دەچێت، لەگەڵ ئەوەشدا چالاکییە وەزرشییەکان لە خۆیدا تۆمار دەکات. وەك ژماردنی هەنگاوەکان، رێژەی سووتانی کالۆری، لێدانی دڵ، جیالەوەش زانیاری لەبارەی پەیوەندی و پەیامە هاتووەکان رادەگەیەنێ.

بۆ سوود وەرگرتن لە دەستبەندە زیرەکەکە پێویستە لەگەڵ مۆبایلێك کە پرۆگرامی تایبەت بەو دەستبەندەی لەسەرە پەیوەند بدرێت، بەڵام پێویست ناکات هەمیشە مۆبایلەکەت پێبێت. چونکە خۆی میمۆری هەیە و زانیارییە وەرزشییەکان لەخۆیدا تۆمار دەکات و دوای ئەوە دەتوانی لەسەر شاشەی مۆبایلەکەت سەیری بکەی.

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



**بەڕێزێك دەپرسێت من نازانم هۆكاری چییە كە مۆبایلەكەم زۆر زوو شەحنەكەی دادەبەزێت، لەسەرەتادا وا نەبوو هەمووی ماوەیەكە وای لێهاتووە ڕێگا چارە چییە؟**

خوێنەری بەڕێز، چەند هۆكارێك دەبنە ئەوەی كە شەحنی مۆبایل دابەزێت، بوونی ڤایرۆس لە مۆبایلدا هۆكارێكە بۆ دابەزانی شەحنی مۆبایل، كردنەوەی چەندین پرۆگرام پێكەوە، ئەگەرچی دایانبخەی دیسان چونكە رامی مۆبایلەكەیان داگیركردووە دەبنە هۆی ئەوەی كە باتری زوو دابەزێت.. تێكچوونی باتری وەك ئەوەی كە بە شەحنكەرەوەیەكی جیا لە هی خۆی شەحن كرابێتەوە...بۆ ڕێگاچارەش لە پێشدا دەبێ هۆكارەكە بزانی، بەڵام باشترین ڕێگا ئەوەیە كە جارێكی دیكە فۆرماتی بكەیەوە...



## مۆنۆپادێک
## تەنیا بۆ وێنەی سێلفی



گرتنی وێنەی سێلفی لەم رۆژانەدا بۆتە باو، واتە گرتنی وێنەی رووبەڕووی خۆت. بۆ گرتنی وێنەی سێلفی چەند ئامێرێك دروست كراون كە باوترینیان داری سێلفییە كە لە بازاڕدا گەلێك جۆریان هەیە. لەم دواییەدا مۆنۆپاد یان كۆپتەرێكی بچووك دروستكراوە كە تەنیا و تەنیا بۆ گرتنی وێنەی سێلفیە، مۆنۆپادی جۆری the hover camera ئاسۆیی دەفرێت زیاتر بۆ فڕین سوودی لێوەرناگیرێت، مۆنۆپادەكە لەسەر ئەو بەرزییە رابگرە كە مەبەستتە، ئەوكات دەست دەكات بە وێنەگرتن، كامێراكەی ١٣ مێگاپیكسلە و دەتوانێت بە كوالیتی k4 فیلمیش هەڵبگرێتەوە.



# سایتێک ئەرکی فۆتۆشۆپ ئەنجام دەدات

گەلێك سایت هەن كە كارو ئەركیان تایبەتە بە وێنە و دەستكاری كردنی وێنە وەك گۆڕینی سایز، گۆڕینی فۆڕمات و چەند ئەركی سادەی دیكە.. یەكێك لە سایتە سەركەوتووەكانی ئەو بوارە سایتی https://raw.pics.io/ یە.. كاركردن بەم سایتە زۆر ئاسانە، كاتێك كردتەوە ئەو شوێنەی كە تایبەتە بە كردنەوەی وێنە، دادەگری و وێنەكەت دادەبەزینی، دواتر دەتوانی گۆڕانكاری بەسەر وێنەكەدا بێنی..

هەرچەندە سایتەكە شوێنی فۆتۆشۆپ ناگرێتەوە، بەڵام دەكرێت لە زۆر بواردا ئەوكاتەی فۆتۆشۆپ و پرۆگرامە هاوشێوەكانی لەبەردەستدانین پشتی پێ ببەسترێ...

# ماوسێکی سەرنج ڕاکێش

لە كۆمپیوتەردا ماوس گرنگترین ئامرازیەتی، چونكە دەكرێت بە شاكلیلی سەرەكی هەموو شتێك لە كۆمپیوتەردا سەیر بكرێت، بەبێ ماوس لەراستیدا كاركردن دژوارە، تەنانەت شاشە لەمسییەكانیش نەیانتوانیوە شوێنی ماوس بگرنەوە.

هەر ڕۆژە لەلایەن كۆمپانیایەك ماوسێكی نوێ بەرهەم دێت یان گۆڕانكاری بەسەر ماوسێكی پێشوو دادێت، ماوسی جۆری level 10 كە دوایین ڤێرژنی بەناوی level 10 M advanced كەوتە بازاڕەوە دیزاینێكی سەرنج ڕاكێشی هەیە. شاشەیەكی LED هەیە كە دەكرێت بەبێ سنوور ڕەنگەكانی بگۆڕی. دوگمەكانی لای ڕاست نەماون و لە شوێنی ئەو دوگمەیەك لەلای چەپ بەناوی DPI/ profile داندراوە. دە دوگمەی هەیە بۆ پرۆگرام دانان هەرچەندە كە سەیری دەكەی تەنیا شەش دوگمە بەرچاو دەكەون. ماوسەكە هەم دەكرێت بۆ چەپ دەستەكان بێت هەم ڕاست دەستەكان (واتە ئەوانەی بە دەستی چەپ یان ڕاست دەتوانن كاری سەرەكی بكەن).





# دەتەوێ ئێزگەی ڕادیۆی تایبەت بەخۆت هەبێت؟

ڕادیۆ وەك كۆنترۆن ئامێری ڕاگەیاندن پاش ڕۆژنامە دێت، یەكەم ئامێرێك كە سنوور و بەربەستەكانی نەدەناسی، هەرچەندە بەهۆی داهاتنی تەلەڤزیۆن و بەتایبەتی سەتەلایت گۆڕانكاری بەسەر ڕادیۆ و ئێزگەی ڕادیۆی داهات، ئەو گرنگیەی جارانی نەما.. ڕادیۆ هەمیشە لەلایەن هێزێك، دەستەیەك و حكومەت و دەسەڵاتێك بەڕێوە بردراوە، ڕاگەیاندنێكی گشتی بووە نەك تایبەتی.. بە بەربڵاوی بوونی تۆڕی ئینتەرنێت ڕادیۆ هەر لە دەسەڵاتی گشتی دانەمایەوە و ئێستا تاكیش دەتوانێت ڕادیۆی خۆی هەبێت..

پرۆگرامێك لە ڕاستیدا تۆڕێكی كۆمەڵایەتی هەیە تایبەت بە دامەزراندنی ڕادیۆ بەناوی spreaker studio بەهۆی ئەوەوە و بوونی ئەكاونتێكی تایبەت بەخۆت دەتوانی تۆڕێكی ڕادیۆیت هەبێت. دوای ئەوەی ئەكاونتی خۆت دانا دەتوانی دوگمەی گەورەی REC لێبدەی كە لەسەرەوە شاشەكە دێت. ئەوكات دەتوانی دوو جۆرە شێوە تۆمار بكەی یان بەشێوەی ئۆفلاین یان بەشێوەی لایف واتە زیندوو. ئەگەر بەشێوەی زیندوو تۆماری بكەی هەر ئەوكات ئەو قسانەی دەكەی یان ئەو مۆزیكەی دایدەنێی بڵاو دەبێتەوە.